# مادده هۆشبەرەکان لە روانگەی ئایینی ئیسلامدا

بەشی یەکەم



د. بەشیر خەلیل حەداد*

هەندێ لە ئامار و توێژینەوەکانی ئەم دواییە، ئاماژە بەزیادبوونی ڕێژەی ئالوودەبوون و بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان دەکەن، بەتایبەت لەو شوێنانەی کە شەڕ و ململانێی سەربازی تیادا روویداوە، جگە لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکای باشوور و ئەفریقیا.

گومان لەوەدا نییەکە ئەم مادده هۆشبەرانە بەهەموو جۆرەکانییەوە، ژەهری مرۆڤ کوژ و چەکی کاولکردنی ماڵ و خێزان و تێکدەری کۆمەڵگان، قوربانییانی ئەم بەڵایە لەجیهاندا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە هەڵکشان و زیاد بووندان، بەگەورەترین و مەترسیدارترین کێشەکانی مرۆڤایەتی دەژمێردرێت، زێدەگوتن و موبالەغەنییە ئەگەر بڵێین زیان و ئاسەوارە نێگەتیڤەکانی مادده هۆشبەرەکان زیاترە لەزیانی چەکە کۆکوژەکان.

ئەم دیاردە ترسناک و مەترسیدارە ئەگەر بڵاوبۆوە لەهەر وڵات و کۆمەڵگایەک و خەڵک ئالوودەی بوون، ئەوە نیشانەی بەدبەختی و سەرەتای تێکچوونی شیرازەی خێزان و بینای مەحکەمی کۆمەڵگایە.

دوژمنانی مرۆڤ و داوێنپاکی و ڕەوشت بەرزی هەردەم کار بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم دیاردە پیس و قێزەونانە دەکەن بەمەبەستی تێوەگلاندنی گەنجان و هەرزەکارانی کۆمەڵ بەم مادده تێکدەرانە و دورخستنەوەیان لەڕێگای ڕاست و خاوێنی پێغەمبەران و پیاوچاکان تا بەرەو گومڕایی و بەدبەختی هەتا هەتاییان ببەن، چونکە ئەم مادانە ئەمڕۆ وەک چەکێکی کاریگەری ڕوخێنەر بەکاردێت لەدژی هەموو مرۆڤەکان بەگشتی و کۆمەڵگای پارێزکار (محافظ)ی موسڵمانان بەتایبەتی، بەمەش دەتوانن هێزی سەرەکی کۆمەڵگا کەچینی گەنجە بەئاسانی جەستەیان سیس و بێ هێز بکەن و دەروون و بیروهۆش و ڕەوشتیان تێکبدەن.

ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی لەزیانەکانی مادده هۆشبەرەکان وردبینەوە، دەبینین کە ئاسەوارە خراپەکانی زۆرن، لەمانە:

**١- لە ڕووی ئابوورییەوە:**

أ- خەرجکردنی پارەیەکی زۆر لەسەر ئاستی تاک و خێزان، بەتایبەت لەکاتی ئاڵوودەبوون (الادمان)دا.

ب- بەهەدەرچوونی بڕێکی زۆری پارەی دەوڵەت لە هەڵمەتەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردەیە، چ وەک ڕێکلام، یا توێژینەوە یا دروستکردنی سەنتەر و نەخۆشخانەی تایبەت، یا خەرجییەکانی گرتوخانە و بەندییەکان، بۆیە سەیر نییە ئەگەر زانیمان کەساڵانە زیاتر ١٢٠ ملیار دۆلار لەجیهاندا بۆ ئەم مەبەستە سەرف دەکرێت، بێ ئەوەی هیچ سوودێکی ئەوتۆی هەبێت.

ج- بەهۆی ئاڵوودەبوونی ملیۆنەها کەس بەمادده هۆشبەرەکان و سڕکەرەکان، ڕێژەی بێکاری و تەمبەڵی و نەخۆشی زۆر دەبێت.

**٢- لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە:**

أ- گەورەترین زیانی ئەم کێشەیە لەم ڕووەوە ئەوەیە کە دەبێتە هۆیەکی سەرەکی و ڕاستەوخۆ بۆ لێکترازانی خێزان و تەڵاق و ئاژاوە و کێشەی کۆمەڵایەتی، کە قوربانی و زیانلێکەوتووی هەرە گەورە ئافرەت و منداڵە.

ب- دواکەوتن لەخوێندن و کارکردن، لە ئەنجامدا وازهێنانی یەکجارەکی لەهەموو ئەرکەکان هەنگاو نان بەرەو ئایندەیەکی نادیار و ترسناک.

ج- ئەنجامدانی تاوان و جۆرەها کاری بەدڕەوشتی و لادانی کۆمەڵایەتی و هەست نەکردن بەگوناه و تاوان.

د- لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بڵاوبوونەوەی دیاردەی هەست نەکردن بەلێپرسراویەتی بەتایبەت لەلای گەنج و هەرزەکاران و زۆربوونی گرفت و کێشە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان لە کۆمەڵگادا.

**٣- لە ڕووی تەندروستییەوە:**

بەگوێرەی ئەو داتا و توێژینەوانەی کەدەزگاکانی تەندروستی جیهانی وەک (WHO) و پزیشک و پسپۆڕەکانی تەندروستی ئەم بوارە بڵاوی دەکەنەوە، زیان و مەترسییە تەندروستییەکانی مادده هۆشبەرەکان زەنگێکی مەترسیدارە بۆ مرۆڤایەتی و ئالوودەبوون بەشێوەیەکی گشتی دەبێتەهۆی:

أ- لاوازبوون و تێکچوونی خانەکانی مێشک.

ب- تێکچوونی لێدانی دڵ و کەمبوونەوەی توانای (جهاز المناعە) و لە ئەنجامدا تووشبون بەجۆرەها نەخۆشی درێژخایەن و مەترسیدار.

ج- کزی و لاوازبوونی توانای سێکسی و چەندین حاڵەتی نەخۆشی و خراپی باری گشتی تەندروستی.

٤- لە ڕووی نیشتیمانی و ئاسایشی نەتەوەییەوە:

لەم لایەنەشەوە مەترسی ئالوودەبوون بەمادده بێ هۆشکەرەکان ڕوون و ئاشکرایە، چونکە کەسی ئالوودەبوو (مدمن) ئامادەیە لەپێناو ئەوەی کەمێک لەو ماددەیەی بەدەست بکەوێت هەموو شتێک بکات، تەنانەت ئامادەیە دزی و گزی بکات یا تاوانی کوشتن ئەنجام بدات و زۆرجاریش ئەمجۆرە خەڵکانە دەبنە پارویەکی چەور بۆ دام و دەزگا هەواڵگری و جاسوس و سەربازی نەیارەکان کە بتوانن بەکاریان بێنن بۆ پێدانی هەواڵ و نهێنییەکانی نیشتیمانی و نەتەوەیی و سەربازی، کە ئەمەش بێگومان گەورەترین خیانەتە و خراپترین کاریگەری هەیە بۆسەر ئاسایشی نیشتیمانی و نەتەوەیی هەر وڵاتێک.

لەبەر ئەم هەموو زیان و کاریگەرییە خراپەی بۆ سەر تاک و کۆمەڵگا ئایینی پیرۆزی ئیسلام بەکارهێنان و بازرگانیکردن و ڕێخۆشکردن و برەودان بەم مادانە قەدەغە و حەرام دەکات، و ڕێوشوێنی دروست و پێویست دادەنێت بۆ بنەبڕکردنی.

*** سەرۆکی لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە پەرلەمانی کوردستان**

لە نزیکەوە

## هونەرمەند جەلال سەعید بۆ ( ):

# نیوەی هەولێرم بە بووک و زاوا کردووە

دیمانە: هێمن ئاری

ئەمجارەیان لە نزیکەوە هونەرمەندی دەنگخۆش و بە توانا (جەلال سەعید) دەکەین بە میوانی خوێنەران، هەموومان ئاشنایەتیمان لەگەڵ کارو بەرهەمەکانی ئەم هونەرمەندە هەیە، ئەوەی ماوە پەی پێبەرین زیاتر لایەنی ژیانی خێزانی و کۆمەڵایەتییەتی لەگەڵ تێکەڵبوونی بە دنیای هونەرەوە، بەرێزەوە داواکەی قبوولکردین.





لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی

*** گەر لە بارەی ژیانی منداڵی و قۆناغەکانی ئەوسا پرسیارت لێبکەین چۆن وەڵامان دەدەیتەوە؟**

– من لە ساڵی ١٩٥٣ لە شاری مەهاباد لە دایکبووم ئەوەی ئاگادارم لە منداڵییەوە هاتووینەتە هەولێر، ئەوکات باوکم ژنی هێنا هاتەوە ئەم دیووە، ئێمە لەگەڵ بەکری برام و واحیدو مزەفەر و مەعسومی خوشکم و دایکم ماینەوە، لەگەڵ بەکری برام لە مەهاباد تا تۆزێک گەورەبووین کاری بۆیاغچیاتیمان دەکرد تا خۆمان بژێنین، تەمەنم نزیکەی چواردە ساڵان دەبوو دەفەیەکم پەیداکردبوو لە چایەخانەکان کاری بۆیاغم دەکردو گۆرانیم دەگوت، ئەوکات ماملێ و رەسوڵی نادری و.. ئەم هونەرمەندانە لە چایخانەکان کە گوێیان لە دەنگی من دەبوو هەستیان دەکرد دەنگمخۆشە.

ئیتر دوای شۆڕشی (کەریم قاسم) گەڕاینەوە ئێرە لە ساڵانی حەفتاکان هاتمە نێو بواری هونەرەوە، لە پاڵ هونەرکەشمدا کاری ئاسنگەری و دارتاشی و.. دەکرد لەگەڵ چەند برادەرو هونەرمەندێکی دیکەی وەک قادر زیرەک و رەحمان قوربانی و... ئیتر لەسەر کاریش گۆرانیمان دەگوت، دوای کاریش وەختی عەسر دەچووینە باخچەی خانزاد دادەنیشتن گۆرانیمان دەگوت تا درەنگانی شەو، گەر یەکێکمان پارەمان پێبوا دەچووین بەبێ جیاوازی لەفەیەکمان دەخوارد.

گەر باسی قۆناغی منداڵی بکەم دەتوانم بڵێم لە ناخۆشی زیاتر هیچم نەدیووە، بەهۆی ئەم سەختییەوە خوێندنیشم بۆ تەواو نەکراو لە پۆلی شەشی سەرەتایی هاتمە دەرەوە.

*** ئەی یەکەم بەرهەم کە بڵاوتکردەوەو تۆی ناساند کەی بوو؟**

– وەکو گوتم، پێشتر لەگەڵ برادەران گۆرانیمان دەگوت، بەڵام ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ فازڵ دێوانە بە سازێک یەکەم بەرهەمم تۆمارکردو دەنگیدایەوەو بەو بەرهەمە خەڵک منی ناسی. دواتر لە ١٩٧٢ و ١٩٧٣ بەردەوام بووم و بە گەرمی پێشوازیم لێدەکرا، لە نسکۆی ١٩٧٤ کە چووینە ئێران بووم بە پێشمەرگەو لە ئێرانیش کاسێتێکم لەگەڵ تار لێدەرەکەی حەسەن زیرەک تۆمارکرد، کە گەڕاینەوەش کەوتمە نێو دنیای ئەگلەنجەو ئاهەنگەکانی هەولێرییان ئەوکات باوبوو لەگەڵ هونەرمەندان تاهیر تۆفیق و مشکۆو محەمەد ئەربیلی و حەیدەرە کەچەڵ و فواد ئەحمەد و محەمەد جەزاو.. بەشداریمان دەکرد.

ئیدی لە هەشتاکانیشەوە بەردەوام لەسەر کاری هونەرە میللییەکان لەم تیپەش کۆمەڵێ کاری باشمان کرد، لەوێشەوە تا ئێستا هەر خەریکی کاری هونەریم.

*** دەکرێ بڵێین تیپی هونەرە میللییەکان جەلال سەعیدی زیاتر ناساند؟**

– گۆرانی تیپی هونەرە میللییەکان جیاواز بوو لەگەڵ ئەو گۆرانییانەی بۆ تەلەڤزیۆنەکان تۆمارم دەکرد، دوای ئەوەی زیاتر ناسرام چەند کارێکی دیکەم کرد، ئەو کارانەی کردووشمە تابلۆکانی دیارن، بۆیە دەڵێم جیاوازی لە نێوان گۆرانییەکانی خۆم و تیپی هونەرە میللییەکان

## لە ژنی دووەمم زۆر رازیم منداڵەکانی ژنی پێشووی بۆ بەخێوکردم

هەیە، چونکە ئەوان بە ژمارە دەڕۆن.

*** جەلال سەعید لە ساڵانی هەشتاکان ئەستێرەیەکی درەوشاوەی ئەم بوارە بوو، لە زۆربەی ئاهەنگەکانی بووک گواستنەوەش بەشداریت دەکرد، دەکرێ بڵێین لە سەدا چەندی ئاهەنگەکانی بووک گواستنەوە بەشداربوویت؟**

– (بەپێکەنینەوە) بەخوا دەتوانم بڵێم نیوەی هەولێرم زیاتر لەوکاتەدا بە بووک و زاوا کردووە، ئەوان ئێستا یادەوەرییەکانیان لە یاد ماوەو هەمووشیان نەوەیان هەیە.

*** تاموچێژی بەشداریکردنی ئەوکات لە ئاهەنگەکان چیبوو؟**

– ئەوکات بەس هەولێر دەیتوانی ئەگلەنجە بکات و رێزێکی گەورەیان لە هونەرمەند دەگرت، ئاهەنگەکان دوو جۆر بوو، سەرەتا ئاهەنگی


لەگەڵ هونەرمەند فوئاد ئەحمەد


لەگەڵ هونەرمەند ناسری ڕەزازی


لەگەڵ هونەرمەند زیاد ئەسعەد

مەولودیان دەگێڕا، دوای مەولود خوێندنەوە سرەی هونەرمەندان و گۆرانی گوتن دەهات، ئیتر نۆکاو سەروپێ و.. خواردن ئامادە دەکراو خێزانەکان دەچوونە سەربان و پیاویش لە خوارەوە تا بەرەبەیان ئاهەنگیان دەگێڕا.

*** ئەو هونەرمەندانەی لە ئەگلەنجەکان بەشدارییان دەکرد ئەوکاتە کێبوون؟**

– تاهیر تۆفیق و محەمەد جەزاو مشکۆ و عارەب عوسمان و قادر زیرەک.

*** بەشداریکردنتان لەو ئەگلەنجانە پەیداکردنی بژێوی ژیان بوو، یا...؟**

– هێندە چاومان لە بژێوی ژیان نەبوو، بەڵام خاوەنی ئاهەنگەکە لە زەرفێک بۆ هەر یەکێک هەندێ پارەیان دادەنا، بەبێ ئەوەی خۆمان داوا بکەین، ئەو (٤٠-٥٠) دینارەی ئەوکاتیش لە چاو ئێستا زۆربوو، وەک بژێویش هێندە پێویست نەبووین، بەڵکو بە روحێکی زۆر پاک، بەشداریمان لە ئەکلەنجەکان دەکرد، پێشتریش لە ساڵی ١٩٧٦ کە لە ئێران هاتینەوە لەگەڵ عارەب عوسمان و عوسمان حوسێن و سوارە کەریم و... بە تەپڵ لە گوندەکان دوو سێ رۆژ دەماینەوە گۆرانیمان دەگوت، شەوانیش تا بەیانی گۆرانیمان دەگوت، لەو جۆرە ئاهەنگانە تا ١٩٨٠

# هونەر، تاڵییەکەی لە شیرینییەکەی زیاترە

بەردەوام بووین، دوای هەشتاکانیش لە ئەگلەنجەی شەوان بەردەوام بووین لە ماڵەکان، لە سەرەتای ١٩٩٠ و راپەڕین ئاهەنگەکان چێژی جارانی نەما، خۆشم لە ١٩٩٤ەوە وازم لە ئاهەنگ گێڕان هێناوە، تەنها گەر برادەرێک داوا بکات بچین لەگەڵ چەند برادەرێک ئاهەنگ سازکەین بۆ خۆشی دەچین.

*** گەر گوێ لە بەرهەمەکانی ساڵانی زووی جەلال سەعید بگریت دەنگی جیاوازە لەگەڵ ساڵانی دوایی، واباوە لە ئێران لەلایەن چەند هونەرمەندێک (کلت) بۆ لە چای کراوە بۆ ئەوەی دەنگت بشێوێ، ئەمە تا چەند راستە؟**

– خۆشم ئەوەم بیستۆتەوە، بەڵام ئەم قسەیە لە راستییەوە دوورە، دەنگی منداڵیم بێگومان لە دەنگی ئێستا جیاوازە گەر تفەنگێک زۆری تەقە پێبکرێت دەنگی بەباشی نامێنێ، تۆش گەورە دەبی و جگەرە دەکێشی و پیردەبێ و... ئیتر دەنگەکە وەک خۆی نامێنێ و گۆرانی بەسەردا دێت، بیرمە شەوێک لەگەڵ تاهیر تۆفیق و فوئاد ئەحمەدو حەیدەرە کەچەڵ لە ئەگلەنجەیەک بووین گۆرانیم گوت، تاهیر تۆفیق گوتی: وەڵڵا لە عێراق زوهیرە حوسێن هەیە دنیای تاساندووە تۆش دەبی بەو زوهیرەی کوردستان، ئەوکات دەنگم جیاواز بوو لەگەڵ ئێستا.

*** لەگەڵ کامە گۆرانیبێژەکانی ئەوکات ئاسوودەبووی؟**

– لەگەڵ هەموویان ئاسوودە بووم، بەڵام زیاتر لەگەڵ قادر زیرەک هەڵسان و دانیشتم کردووە، هەروەها عارەب عوسمان، بەڵام مامۆستا تاهیر توڕەوتوند بوو دەبوایە خۆی لەگەڵ بگونجێنی.

*** ئەی لەگەڵ عەشق و دڵداری چۆن بوویت؟**

– هەموو شتێ لە خۆشەویستی دروست دەبێ مەرج نییە تەنها خۆشەویستی بۆ رەگەزی بەرامبەربێ، رەنگە خۆشەویستی منداڵی سەرەنجت راکێشێ، کرێکارێ، رەشماڵێ، دۆڵێک، دەوەنێک، کوێستانێک... ئیتر جاری واش هەبووە لە ئاهەنگەکان یا شوێنێکی دیکە ئافرەت لێبێت نزیکبۆتەوە، بەڵام هەمیشە لەبەر کۆمەڵگەو کەسایەتی خۆمان بەدوور گرتووەو خۆمان لێپاراستووە، زۆرجاریش گرفتمان بۆ دروستبووە، بەڵام هەردەم ترسم لەم رووەوە هەبووەو کەسایەتی خۆم خۆشویستووە، خەڵکی هەولێریش ئەوە باش دەزانن.

*** ئەی ساڵی چەند ژیانی خێزانیت پێکهێنا؟**

– لە ساڵی ١٩٧٤ کە چووین بووین بە پێشمەرگە دۆستایەتیم لەگەڵ براکەی هەبوو بەیەکەوە بووین، ئەو کچەیان پێشکەش کردم و لە ١٩٧٤ لە مەهاباد گواستمەوە، خێزانەکەم ناوی (خەجیج) بوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٩٢ کۆچی کرد، دوو کوڕو شەش کچم هەیە بە ناوی (شەماڵ، هەڵگورد، کەژاڵ، زریان، بێریڤان، هەڵبەست، ژاڵە، سکاڵا).

*** ئەی خێزانی دووەمت ساڵی چەند هێنا؟**

– لە ساڵی ١٩٩٤ شلێرخانم هێنا لەویش کچێک و کوڕێکم هەیە بەناوی ستارو شەوگار، ئێستاش ژیانێکی سادەو ساکار دەبەینە سەر.

*** خێزانەکانت تا چەند حەزیان بە دەنگی تۆ بووە، چ جارێ نەبووە لە تەلەڤزیۆن گۆرانییەکی تۆ بوو بێ و گۆڕیبیان؟**

– زۆر حەزیان لێیەو هەمیشە هاندەرم بوون، زۆرجار بۆ بەرنامەو چاوپێکەوتن داوام لێدەکەن ناچم دەڵێن بۆ ناچی.

*** قەت گۆرانیت بەسەر هیچیان نەگوتووە؟**

– نەخێر، بەڵام بەسەر کچەکان گۆرانیم گوتووە.

*** کامە گۆرانی رەنگدانەوەی واقیعی ژیانی خۆتەو زیاد لە پێویست حەزت پێیەتی؟**

– زۆرن، بەڵام گۆرانی (شەو لە گریانم دەکات، بۆچی دەڕۆی بەجێم دێڵی، بۆچی دەگری دەناڵێنی)، بەڵام ئەوەی وەک دەروێش دەمهەژێنێ و سەرمەستم دەکا شەو لە گریانم دەکا، لە ساڵی ١٩٧٦ ـەوە خەریکی ئەم گۆرانییە بووم بۆم تۆمار نەدەکرا تا ساڵانی هەشتاکان، دەتوانم بڵێم ٩٠٪ی خەڵک بە دڵی بوو.

*** زۆرجار کە پیاو ژنی دەمرێت و ژنێکی دیکە بهێنێ بۆ منداڵانی ژنی یەکەم کێشە دروست دەبێت بەهۆی نەگونجانەوە، لەم رووەوە قەت کێشە لە نێوان خێزانی دووەمت و**

**منداڵەکان دروست نەبووە؟**

– راستە، بەڵام باوەڕت بێ لەم رووەوە خەڵک حەسوودیم پێدەبات، دەتوانی ئەم پرسیارە لەخۆشیان بکەی، سەری منداڵەکانی یەک یەک دەشووشت و وەک منداڵی خۆی سەیری دەکردن، ئێستا کچەکانم لە دایکی خۆیان زیاتر خۆشیان دەوێ و زۆر بەجوانی گەورەی کردوون، بۆیە زۆر لێی رازیم خوا لێی رازی بێت، ئێستاش کە شەماڵ ژنی هێناوە بەیەکەوە لە ماڵێک دەژین.

*** ئەی لە کاری ماڵەوە تا چەند هاوکارییان دەکەی؟**

– ئەوەی پێویستییان بێت بۆیان دەکەم، خۆشم حەزم لە جوڵانەوەیە، زۆر چێشت هەیە خۆم حەزدەکەم بیکەم.

*** ئەو خواردنانە چین خۆت حەزدەکەی ئامادەیان بکەی؟**

– زۆرجار دەمەوێ و مریشکێ یا فڕوجێ لێنێم جوجە قۆرەی پێدەڵێن بەسرکەو پەسیرە چاک دەکرێ، خۆم لەوان شارەزاترم.

*** دەنا عارەب عوسمان بە پێچەوانەی تۆ دەڵێ هەرکارێک پەیوەندی بە ئافرەتەوە هەبێ نایکەم؟**

–(بەپێکەنینەوە) وەڵڵا مام عارەب رەنگبێ سەری لەم شتانە دەرنەچێت و نەزانێ، ئەو حەزدەکات بە ئامادەکراوی بێتە بەردەستی بیخوات.

*** هونەر تا چەند شانسی پێت داوە؟**

– هونەر ئەرک و قورسایی زیاترە، لایەنە تاڵییەکەی لە شیرینییەکەی زۆرترە، ئەو سەردەمەی ئێمەی دروست کرد ترسناک بوو، زۆرجار خەریک بووە لەسەر هونەر بێمە کوشتن.

*** قەت لە ئاهەنگ و ئەگلەنجەی شەوان لەسەر ئافرەت کێشەت بۆ دروست نەبووە؟**

– با زۆرجار کێشەم بۆ دروست بووە، چووبم بۆ هەر ئاهەنگێکیش خەڵکەکەم بەچاوی دایک و خوشکی خۆم سەیرکردووە، لە ژیانمدا ئەم شتانەم نەکردووە و لەترسانیش نەوێرام لەبەر پاراستنی کەسایەتی خۆم لە ئافرەت نزیک نەبوومەتەوە هەرکێشەیەکشم بۆ دروست بووبێ خۆم پاراستووە، بۆیە دەتوانم بڵێم هونەر لەلایەک کێشەی بۆمان دروست کردووە هەمیشە لەلایەن خەڵک و شوێنە گشتییەکان وایکردووە رێزمان بگیرێت.

لە رووی رێزلێنان و مادەشەوە رێزمان لێنراوە، بەڵام بەبەراورد جیاوازە لەگەڵ کەسانێک هاوکاری کراون و رێزیان لێنراوە کە رەنگبێ چارەکی ئێمە خزمەتی بەهونەرکردبێ و هیچ سوودێک لەبەرهەمەکانی وەرنەگیراوە.

*** پێتوانییە هونەری ئەمڕۆ زیاتر گیرفان پڕکردن بێ نەک خزمەتکردن؟**

– بەڵێ هونەر وردە وردە لەتوانەوەیەو بۆتە بەفری بەر رۆژ، ئەو هەستە نەماوە، شیعر و ئامێرو تەکنیکی ئێستا لەجاران باشترە، بەڵام چێژی ئەو ساکەی نەماوە، ئێستا دەزگا راگەیاندنەکان فراوانبوون، کاتی خۆی یەک Tv



# هەمیشە ترسم لە ئافرەت هەبووەو خۆم پاراستووە

هەبوو هەموو خەڵک چاوی لەو شاشە بوو.

*** تا چەند لەگەڵ ئەو کارانە کۆکی کە لەم سەردەمە ئەنجامدەدرێت؟**

– من ناتوانم گلەیی لە گەنجێکی گۆرانیبێژ بکەم بڵێم ئەم کلیپە یا ئەم کارەت بۆ واکردووە، چونکە رەنگە ئەم کارە بۆ سەردەمی ئەو ئەوەی لێ بووەشێتەوە، بەڵام لەمن ناوەشێتەوە.

*** واتە جەلال سەعید ئامادەنییە کاری وا ئەنجامبدات؟**

– نەخێر، بەڵام ئامادەم کلیپ لەوڵاتەکەی خۆم بکەم لە دەشتی خۆشناوەتی و کوێستانەکان و سەیرانگەکان و...تاد.

*** ئەم کارانەی لەدەرەوە ئەنجامـدەدرێت چ بۆچوونێکت لەسەریان هەیە؟**

– بۆ ئەوە دەبێ خەڵک بڕیار بدات، رەنگە خاوەن بەرهەمەکە یا هونەرمەندەکە هێندەی دنیا بەدڵی بێت، بەڵام پێویستە بزانێ خەڵک چی دەڵێت، شارەزایان چی دەڵێن لەبوارەکە؟!

*** سەردەمی ئێوە لەهونەر بەسەردەمی زێڕین ناودەنرا، ئەی بە بڕوای تۆ ئێستا چ سەردەمێکە؟**

– وەکو گوتم ئێمە سەردەمی زێڕینمان بەرێکرد، خۆمان گەیاندە دەنگە رەسەنەکانیش، کولتوور و داب و نەریتی باپیران و وڵاتەکەی خۆمان پاراستن و هێنامان تا سەردەمی زێڕین و قوڕگی زێڕین، گەر ئەوان یادمان کەنەوە و دڵمان پێ خۆشکەن.

*** تۆ لەبری سەردەمی زێڕین چ ناوێکی لێدەنێی؟**

– من نەدەوێرم و نەدەتوانم هیچ ناوێکی لێبنێم، ئەوانەی ئێستا زیاتر لەناو کارە هونەرییەکانن، رۆژنامەنووس و نووسەرەکان دەبێ ئەو ناوەی لێبنێن و ناوێکی بۆ بدۆزنەوە وەک چۆن ناوی سەردەمی زێڕینیان دۆزییەوە، (بەپێکەنینەوە).. بەبڕوای من ئەم سەردەمەشمان گەر زێڕیش نەبێ هەر زیو دەبێ.

*** دوو ساڵ پێش ئێستا پێتگوتم زۆر شت هەیە خۆمی لێدەپارێزم تا بەگەنجی بمێنمەوە، بەڵام ئێستا هەست دەکرێت رووخسارت لەگەڵ چەند ساڵ لەوەپێش گۆڕاوە، ئێستا تا چەند خۆت دەپارێزی؟**

– وەڵڵا پیربووم و پیرتریش دەبم، ئێستا لەبەر ئەوەی لەم یەک دووساڵە تووشی نەخۆشی بووم زیاتر ئاگاداری خۆمم، ئێستا خۆم زیاتر خۆشدەوێ، چونکە تا بمێنین ئەرکی خەڵکمان لەسەرشانە و بەهرەیەکە خوا پێی داوین، گۆرانییەکیشم گوتووە (تەمەن بەرەو هەڵکشانە)،

ئێستا هەست دەکەم تاقەتی جارانم نەماوە، کاتی خۆی لەرۆشتن گۆرانیم دەگوت، ئێستا بەزۆریش حەزم لێی نییە.

*** دەستی نووسینی شیعر و ئاوازت هەیە؟**

– زۆرجار شیعرم بۆ گۆرانییەکان داناوە، زۆربەی ئاوازەکانیش هی خۆمن، لەئامێری زەرب و تەپڵ ودەف باشم.

*** شەماڵی کوڕت لەدەنگ هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ تۆ نییە، خۆت تاچەند پشتگیری دەکەی؟**

– زۆرێک لە خەڵکیش لەدەنگی رازین، خەڵکیش دەڵێن ٩٥ ٪ دەنگی باوکییەتی، خۆم لەناو تەکسی گوێم لەدەنگی بووە گۆرانی منی گوتووتەوە وامزانیوە دەنگی خۆمە، هەموو پشتگیرییەکی دەکەم و یارمەتی دەدەم.

*** خۆت تا چەند حەزدەکەی لاسایی تۆ بکاتەوە؟**

– خۆشی حەزدەکات و منیش حەزدەکەم، رەسەنایەتییەک بەدەنگییەوە دیارە، رێچکەی خۆشی دیارکردووە هەندێجار گۆرانی لەسەر دەڵێت، زۆرجاریش بەرهەمەکانی منی لەبەرکردووە گەر حەزی لێی بێ وەک من دەیڵێتەوە.

*** گەر هونەرمەند نەبووایت حەزت دەکرد چی بووایت؟**

– گەر هونەرمەند نەبوام رەنگە ئێستا لەژیان نەمابووام، چونکە زۆر کەسێکی بزێو بووم، زۆرێک لە برادەرانم بوونە پێشمەرگە و ئێستا شەهیدبوون، بەڵام من لەبەر هونەرەکەم نەمدەتوانی بچمە شاخ، رەنگە ئێستا منیش شەهیدبووام.

*** بە چ شتێ بێزار دەبی؟**

– کە بەڵێنێکت پێدەدرێت و بۆت ناکرێ، لەگەڵ قەڵەبالغی.

*** بەچی دڵخۆش دەبی؟**

– ئەوکاتەی لەناو خەڵک سەربەرزم، ئەوکاتەی جەماوەرەکەم رێزم لێدەگرێت، وا دەزانم تازە لەدایکبووم.

*** لەگەڵ وەرزش چۆنی؟**

– کاتی خۆی زۆرم حەز لێ بوو، بەڵام ئێستا هێزم نییە، لەبەر نەخۆشی دڵم، پزیشک رۆشتنیشی لێ قەدەغەکردووم.

*** ئەی خواردن؟**

– ئەوەی حەزم لێبوو لێم قەدەغە کراوە، حەزم لەگۆشتی سوورە، تامەزرۆی هێلکەم ناتوانم بیخۆم، جگەرەم وازهێناوە، حەزم بەبرنجیش نییە، ئەوەی ماوە بیخۆم تەنها سینگی مریشکە، (بە پێکەنینەوە) سینگی مریشکیش دەکەم بە کەباب هەر مریشکە، دەیکەیە تکە هەر مریشکە، هیچی دیکە نییە، وەک حەز خۆم حەزم بەکفتە و سەوزە و میوەیە، گژوگیای بەهاری وەکو تۆڵەکە و کەنگر و کاردیم لا لە گۆشتی مامز خۆشترە.

*** چ خۆزگەیەکت هەیە نەهاتبێتەدی؟**

– هیچ مرۆڤێ نییە تەواوی خۆزگە و ئاواتەکانی بێتەدی، ژیانیش هەر پێویستی پێیەتی ئەویش کۆتایی نایەت، گەر بەخۆزگەبێ بەقەد دونیا حەزم بە (مەزرەعە) یەکە مریشک و کەڵەباب و عەلەشیش و کۆتر و تەیر بەخێوبکەم، ئەمە دوایین خۆزگەی منە گەر ئەم خۆزگەم بێتەدی چاک دەبمەوە، ئیتر ئەوەش مەحاڵە تازە بۆم بێتەدی.

*** باست لەناسینی نێوان خۆت و زیاد ئەسعەد کرد کە چۆن لەدەستپێک هاوکاریتکردووە بۆ هاتنی بۆ ناو هونەرمەند؟**

– لە منداڵییەوە دەنگێکی خۆشی هەبوو هەستت دەکرد ئەم گەنجە توانای هەیە، شمشاڵی لێدەدا لەگەڵی دەتوایەوە، شەوێک لەژنهێنانی برادەرێک لە ئەگلەنجەیەک یەک دوو برادەری لەگەڵ خۆیان هێنابوویان ئەوکات زۆر منداڵ بوو لەسەرەتای ١٩٧٩ دابوو، گوتیان دەنگی خۆشە و شمشاڵ باش لێدەدات، کە گوێم لەدەنگی بوو دیتم کەسێکی بەتوانایە، بەیانییەکەی هێنامە تیپی هونەرە مىللییەکان و مامۆستا شێرزاد و برادەران بە دەنگی سەرسام بوون و گرێبەستێکیان بۆ کرد، لە هونەرە میللییەکان لەگەڵم بەشداربوو، خۆشی لە هەڵبژاردنی کارەکانی سەرکەوتوو بوو توانی خۆی پێبگەیەنێ، هانی زۆرێک لە هونەرمەندانی دیکەشمدا لەگەڵ من لەم تیپە کاربکەن.



# چی بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا بکەین؟



شێخ ئاریان عەزیز بەرزنجی

هەمووومان ئاگادارین کە هەڵبژاردنێکی گرنگ لە پێشماندایەو پێویستە بە هەموو شێوەیەک ئامادەباشی بۆ بکەین، بۆیە پێمخۆشە چەند خاڵێکی گرنگ بخەمەڕوو بۆ بەردەستی هەموو ئەو لایەنانەی کە دڵسۆزی گەل و نیشتمانن و بەختەوەری کۆمەڵگا بەهەند وەردەگرن و مەبەستیانە کە بن بەجێی متمانەی جەماوەری خۆیان، من لێرەدا دەمەوێت بەتەنها جەخت بخەمە سەر خاڵە هەرە گرنگەکان کە بریتین لە:

١) بۆ مەبەستی بنبڕکردن یان کەمکردنەوەی کردنەوەی چوار کارگەی مەزن دابمەزرێندرێت لە هەر چوار شارە گەرەکەی کوردستان (هەولێر- دهۆک- سلێمانی- کەرکووک) کە توانای هەناردنی کاڵاو بەرهەمەکانی خۆی هەبێت بۆ دەرەوەی وڵات لەسەر مۆدێرنترین و نایابترین ئاست، دڵنیام ئێستا کەسانێک پێم دەڵێن باشە کوا حکومەتی هەرێم ئێمە توانای هێنانەکایەی کارگەی وەها مەزن و مۆدێرنی هەیە؟ من لە وەڵامدا بەو بەڕێزانە دەڵێم: حکومەت گەلێک بە ئاسانی کارگەی لەو شێوەیەی پێ بونیاد دەنرێت ئەویش لە رێگای کەرتی تایبەتەوە دەتوانێت بەهۆی چەند کەسانێکی خاوەن سامان کۆمپانیایەکی هاوبەش دابنێت، بە دڵنیایی کەسانی وا لە کۆمەڵگەی ئێمەدا زۆرن کە توانیویانە بن بە خاوەن سامانێکی واو ئاواتەخوازن سوود لە سامانەکەی خۆیان وەربگرن و گەشەی پێبدەن و هاوبەشی بکەن لە پرۆژەیەکی وامەزندا بەتایبەتی ئەو کەسانەی کە لە وڵاتانی دەرەوە کاریان کردووەو خۆیان پێگەیاندووە لە رووی دارایی و ئەزموونەوە.

٢) لە دوای ئەوەی کە توانییان باری ئابووری هاووڵاتییان بۆ ئاستێکی باڵاتر بەرزبکەنەوە ئینجا هەوڵی ئەوە بدەن کە کێشەی ئەو کوڕو کچانە چارەسەر بکەن کە تەمەنەکەیان خەریکە ئاوا دەبێت و هێشتا نەیانتوانیوە ژیانی هاوسەری بۆ خۆیان پێکبهێنن دڵنیاشبن کە چارەی ئەم گەنجانە بە تەنها لە رێگەی دارایی ناکرێت، بەڵکو پێویستییان بە توێژینەوەی زانستی و ئامارێکی دروست و پلانێکی دارێژراوی هەمە لایەنە هەیە کە مامۆستایانی شەریعەت و کۆمەڵناسی و دەروونناسی تێیدا هاوبەشبن و دڵنیاشبن کە رێگاچارەی گونجاو لە شەریعەتی پیرۆزی ئیسلامدا هەیە کە بە نموونەییترین شێوە چارەسەری دەکات بەبێ هیچ ماندووبوونێک.

٣) نەخشەیەکی زانستی دابڕێژرێت بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو هەموو زەوییە بێ ئەژمارەی کە لە نێوانی شارە رەنگینەکانی کوردستانماندا هەیە بۆ نموونە ئەو زەوییانەی کە لە رێگای هەولێر کەرکووکدا هەیە یان سلێمانی کەرکووک، هەروەها شارەکانی دیکەی هەرێمە خۆشەویستەکەمان، بەڵام ئێمە لە پەیڕەویکردنی ئەم خاڵانەدا پێویستە کە بەریزبەندی و یەک لەدوای یەک بەکاربهێنین، چونکە بۆ نموونە ئەگەر ئێمە داهاتێکی گونجاومان نەبێت ناتوانین ئاوەدانی ئەو هەموو رووبەرە دوورودرێژە بکەین کە لە نێوانی شارەکانماندا هەیەو هەمووی بکەین بە خانوو و گوڵ و گوڵزار، دەبێت ئەو راستییەش لە یاد نەکەین کە ئارامی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی هیچ کامێکیان لە یەکتری جیانابنەوەو هەموو هەمووشیان تەواوکەری یەکترین، بوونی هەمووشیان مەرجێکی سەرەکییە بۆ بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگەو وڵات و نەتەوە..

# گەنج لە کۆن و ئێستادا



پێشەوا حوسامەدین عەبدوڵڵا

گومان لەوە نییە کە پیری ئیمرۆ گەنجی دوێنێ بووەو سەرۆکی ئیمرۆ گەنجێکی خوێن گەرمی دوێنێ بووەو بەرپرسی ئیمرۆش هەرگەنجێکی ماندوونەناسی دوێنێ بووە، بەڵام من لێرەدا دەمەوێت کەمێک باس لەو توێژە گرنگە بکەم و بەراووردێکیش بکەم لە نێوان گەنجی ساڵانی پێشوو لەگەڵ هی ئێستادا .بۆ دەرخستنی جیاوازی نێوانیان ئەوە چەند لایەنێکم هەڵبژاردووە بوئەوەی کە بیانکەم بە پێوەرێک بۆ دەرخستنی جیاوازی لە نێوانیان کە بە لای منەوە هەرە گرنگترین لایەنن و یەکە یەکە باسیان دەکەم،تۆش ئەی خوێنەری بەڕێز ئەگەر ئێستا گەنجیت ئەوەلە قسەکانی من باش تێ دەگەیت و ئەوکات یان هاوڕا دەبیت لەگەڵ من یان نا ، ئەگەر بەساڵاچووش بیت ئەوە هەمیسان رۆژانی گەنجێتی خۆت دێتەوە یادو بەدەم خوێندنەوەت بۆ بابەتەکەم چەندین فرمێسک بۆ کاتی لاوی خۆت دەبارێنیت و هەوڵ دەدەیت کە روڵەکانت لەسەر رێچکەی خۆت پەروەردە بکەی.

گەر سەیرێکی لایەنی نەتەوەیی و کوردایەتی بکەین،ئەوە دەبینین کە گەنجی پێشوو هەمیشە لە رِیزی پێشەوەی سەنگەربوونە و هەمیشە سنگیان قەڵغان بووە لەبەردەم گوللەی دوژمنان و هەرگیز درێغیان نەکردووە لە خەبات و تێکوشان لە پێناو رزگاریخوازی گەل و وڵاتیان،خوێنی ئاڵی خۆیان بەخشیوە بەو خاکەو بەدەم دروشمی (یان کوردستان یا نەمان) سەریان ناوەتەوە. کەچی زۆرێک لە گەنجان ئێستا بەکەمترین شت و بەپووچترین شێوە دەڕوانێتە کوردایەتی و بیری نەتەوەیی و بە هیچ شێوەیەک ئینتیمای بۆ ئەم خاکەو وڵاتە نەماوە،لەوەش زیاتر گاڵتەشی بە هەموو ئەو کەسانە دێت کە پێشتر خۆیان بەخت کردووە و ئەوە نازانێ کە ئەو ئێستا لەسایەی خوێنی ئەوان وا بە ئارەزووی خۆی ئەم سەری ئەوسەری دونیا دەکا بێ ئەوەی کەسێک پێی بڵێت (کاک وین رایح؟).

لە لایەنی روشنبیرەوە،گەنجی پێشوو زۆر حەزی بە خوێندنەوەو زانین دەکرد و گوێی لە قسەی گەورە پیاوان رادەگرت و ئامۆژگاری لە کەسانی سەرووی خوی وەردەگرت و هەمیشە خۆی سەرقاڵ دەکردبە خۆ روشنبیرکردن و فێربوون، کەچی زۆرێک لە گەنجی ئێستا رێک پێچەوانەی ئەوان زیاتر حەز بە ڕابواردن و کات کوشتن بە شتی بێ هوودەو خەرجکردنی پارەیەکی زور بە بێ ماناو گاڵتەکردن بە خەڵکانی لە خویان گەورەترو ناوزەدکردنیان بە کەسانی دواکەوتوو و مۆدێل کۆن.

لە لایەنی خۆشەویستی و سۆزەوە بۆ رەگەزی بەرامبەر، لێرەدا مەبەستم ئافرەتە ،گەنج لە ساڵانێکی زوو ئامادەبوو لە پێناو ئەو ئەوکەسەی کە خۆشی دەویست خۆی بدا بە کوشت و ئەم شارو ئەو شاری بە دوادابکات و چەندین تاڵ و سوێری بکێشێ تاوەکو نامەیەک بگەیەنێتە خۆشەویستەکەی ،یان کە دەچوو بۆ خوازبێنی ئەوە ئەگەر باوکی کچەکە رەزامەندی نەبوایە ئەوا چەندین جاری تریش هەوڵی دەداو هەرگیز پشتی کچەکەی بەرنەدەداو بەهەمان شێوە کچەکەش ناپاکی لەگەڵ کوڕەکە نەدەکرد، کەچی لەسەردەمی ئێستادا زۆرێک هەن وەفاو پاکی بەبێ عەقڵی نەزانی و ساویلکەیی ناودەبرێت.

ئەوقەیرانەی کە ئێستا ئافرەتی گەنج تێی کەوتووە ئەوەیە کە شوو بە کێ بکات؟تو بڵێی ئەو کوڕە بتوانێت هەموو ئەو شتانەم بو دابین بکات کە من دەمەوێت؟تۆ بڵێی بتوانێت ئەوەندەی (فلان)زێرِم بو بکرێت؟ئیتر ئەوەیە بیرکردنەوەیان و هەرگیز وابیرناکەنەو بڵێن تو بڵێی ئەوە کوڕێکی باش بێت یان خراپ.هەربۆیەش دوای ماوەیەکی کەم لە پرۆسەی هاوسەرگیری ،لەیەکتر جیادەبنەوە.

لە لایەنی پێکهێنانی خێزانییەوە،گەنجی پێشوو هەمیشە هەوڵی دەدا ئەو ئافرەتەی کە کردوویەتی بە هاوسەری ژیانی خۆی بە خۆشی لەگەڵیدا بژیت و دووربن لە هەموو دەردەسەری و مەینەتیەک و دووربن لە ئازارگەیاندن بە یەکتری،هەمیشە ئەو دووانە یەکتریان لا بەڕێز و داپۆشەری عەیب و عاری یەکتربوون و ئەگەر کەم تا زۆریش کێشەیان هەبوایە، ئەوە هەوڵیان دەدا کەلە نێوان خۆیان چارەسەری بکەن .کەچی زۆرێک لە گەنجی ئەمرۆ پروسەی هاوسەرگیری پێک دەهێنێت و دوای ماوەیەکی کەم دەکەونە گیانی یەکترو جا هەریەکەیان هەوڵ دەدات ئەوەی تر لەکەدار بکات و قسەی ناشیرین لەسەر ئەوەی تر پەیدابکات،دواتر لەبچووکترین تاقیکردنەوەی ژیان خۆیان بۆ ناگیرێ و هەریەکەیان کێشەکە لەمەڕ ئەوەی تر دەزانێ و لەجیاتی ئەوەی هەوڵ بدەن لە نێوان خۆیان چارەی بکەن یەکسەر پەنا دەبەن بۆ دادگاکان و دەبێت بە هوکاری لەیەکتر جیابوونەوەیان و هەربۆیەش روژانە ئەو جۆرە داوایانە روو لە زیادبوونن لە دادگاکانماندا.من دژی ئەوە نیم کە خەڵک روو لە دادگا بکات،بەڵام دژی ئەوەم کە لەسەر بچووکترین کێشەو لەیەک نەگەیشتن ژن و مێرد رووبکەنە دادگا ، چونکە بە تاقی کردنەوەولە ژیانی رۆژانە خۆم بینیومە زیاتر لە جارێک پیاوەکە لە ژنەکەی خۆی جیابۆتەوە چونکە هێناویەتی بو دادگاو بە وتەی ئەو"ئافرەتێک من بە گرتن بدات کەڵکی منی پێوە نەماوە".

لە لایەنی پەروەردەی منداڵەوە،لە پێشوودا کاتێ ئێمە منداڵ بووین دایک و باوکی ئێمە وایان پەروەردە دەکردین رێزی ماموستاو گەورەکانمان بزانین و گوێ بو ئامۆژگارییەکانیان بگرین بەڵام زۆرێک لە دایک و باوکی ئێستا لەبەر سەرقاڵبوونیان بە ژیان و سەختیەکان، پەروەردەکردنی منداڵەکانیان فەرامۆش کردووەو باوک و دایک هەیە نازانێ منداڵەکانی لە چ قوناغێکی خوێندنیش دان یاخود هەندێک لەوان منداڵەکانیان گەر شەوانەش نەگەڕێنەوە بۆ ماڵ ئەوە هەر ئاگاشیان لێ نییە.منداڵ لە پێشوو کە لە قوتابخانە لەسەر بەدڕەووشتی یاخود وانە نەکردن سەرزەنشت دەکرا ئەوە دایک و باوکی ئەو منداڵە دەست خۆشیان لەو مامۆستایە دەکرد چونکە دەیانزانی مامۆستا بەدەر لە سوودی کوڕەکەیان چی تری گەرەک نەبوو،کەچی لەم سەردەمەدا مامۆستا ناتوانێ کارێکی لەو بابەتە بکات و کاتێکیش لەبەر دڵسوزی شتێکی لەو جۆرە ئەنجام بکات ئەوە زۆرێک لەباوکان و دایکان دەچن بە گیانی ماموستاو چی خراپە پێی دەکەن. ئیتر ئەو جورە منداڵە چاوەڕێی چی لێ بکرێ؟! منداڵێک کە هەر لە تەمەنی زوویەوە لەسەرخراپەکاری دەستخۆشی لێ بکرێ،ئەوە کە گەورەش بوو ، بوو بە گەنج ئەوە جۆرە گەنجێکی لێ دەردەچێ کە گاڵتەکردنی بۆ مامۆستا بەلاوە کارێکی پیرۆزە نەک پێچەوانەکەی.

بەرلەوەی نووسینەکەم کۆتایی پێ بهێنم گەرەکمە ئەوە بڵێم کە من مەبەستم، لێرەدا ئەوەیە کە بە داخەوە ژمارەی خراپەکان رۆژ بە رۆژ بەرەو زیادبوونەو تۆش ئەی گەنجی بەڕێز ،ئەی ئەوکەسەی کە خۆت واتێ دەگەی کە هەڵگری گشت رەووشتە چاکەکانی، باش بزانە من لەگەڵ تۆم نییە و هەر کەسێکیش لە ئێمە، لەهەموومان چاکتر خۆمان دەناسین، بۆیە بیربکەوە ئینجا حوکم لەسەرنووسینەکەم بدە.



# ئەو پیاوەی مەرگی کچە تاقانەکەی، شێتی کرد

رووبار نانەکەلی

ئێستاشی لەگەڵدابێت کە بەیانییان زوو دەچمە نانەواخانەکە بۆ کڕینی نانی گەرم، ئەو پیاوە ریش سپییە گەنجە دەبینم کە لەتەک قەپەنگی داخراوی دوکانێکا روودەنیشێ، تاکە نانێک لە نانەواخانەکەو لەتە پەنیرێ لە ماست فرۆشەکە وەردەگرێ و نانی بەیانیان دەخوا ...

هەر جارێ ئەو دیمەنەم دەبینی کۆمەڵێ پرسیار بەمێشکمدا رادەبوورن و لەدڵی خۆما دەمپرسی، تۆبڵێی چیرۆکی ئەو پیاوە چی بێت؟ دڵنیام چیرۆکێکی بە ئێشە، بەڵام ئەو پیاوە بۆ هەموو بەیانییەک بەو ساتە ناوەختە لەپەنای دیوارەکان، ئەو پاروە نانە دەخەوا؟ تۆبڵێی ماڵی نەبێ؟ کەسێک نەبێ پیاڵە چایێکی بداتێ؟ خۆ ئەگەر ماڵی هەبوایە ئەو سەرماوسۆڵەی هەڵنەدەبژارد! بەدەیان پرسیاری دیکە، بەڵام ئەمجارە کە هاتە لای ماست فرۆشەکەو لەتە پەنیرەکەی برد، بەماست فرۆشەکەم گوت: ئەرێ ئەو پیاوە کێیە؟ من هەموو رۆژێ بەیانییان لێرەی دەبینم بە هەمان شێوە، تۆبڵێی ماڵ و حاڵی نەبێ!!

ماست فرۆشەکە بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی: بۆ گوێت لە سەربووردەی ئەو پیاوە نەبووە؟

بەسەرسوڕماوییەوە گوتم: نەخێر نەوەڵڵا هیچی لێ نازانم ..گوتی: ناوی مەغدیدەو بەمەغۆ بانگی دەکەن، پێشتر مامۆستای مەکتەب بوو، پیاوێکی تابڵێی ماقوڵ و موحتەرەم بوو، بەڵام رووداوێکی بەسەرهات لەگەڵیدا کەمێک مێشکی تێکچوو، ئێستا لەجاران باشترە، ماوەیەک بەر لە ئێستا کافر دڵی پێ دەسووتا، من بەش بە حاڵی خۆم بە مامۆستاییم دیوە، هەموو رۆژێ بێرەدا دەچووە مەکتەب..

گوتم: باشە ئەو بەدبەختە تووشی چ رووداوێ بوو؟

گوتی: پێشتر خێزانێکی رێکوپێکی هەبوو، کچێکی عازەبی تەمەن ١٨ساڵی هەبوو لەمەکتەب دەیخوێند، خۆشی دونیای ئەو پیاوە ئەوکچە بوو، ئەوەندەی خۆش دەویست وای دەزانی لە دنیادا بێجگە لەو کەسی دیکە کچی نییە، ناهەقی نەبوو، چونکە خوا تەنها ئەو کچەی دابووێ، نەیدەزانی لە خۆشەویستییان چی لێ بکات، هەموو مەعاش و دەسکەوتی خۆی بۆ خزمەتی ئەوکچە خەرج دەکرد... قەت بێ دڵی نەدەکرد.. دراوسێی ئێمە بوون، هەموو دووسێ ماڵمان بەین بوو، زۆرجاران بە مامۆستا مەغدیدم دەگوت مامۆستا دەتبینم زۆر بەدەست ئەو کچەوە هیلاکی ئەوەندە خۆت سەخڵەت مەکە کچەکە میوانتە، پێنج و دوو رۆژەکی دی خوا نسیبی هەڵدەستێنێ و ئینشاڵڵا بەروو سپییاتی دەچێتە رێی خۆی، ئیدی ئەوکات باوک و دایکت دەبێتە پلەدوو، ماڵە مێردی دەبێتە ماڵی ئەبەدی خۆی، ئەولاد میوانە کاک مەغدید..

دەیگوت: توخوا حەیفت نەکرد سەردار، هەر لەحزەیەکی خۆشی وی، بەهەموو موڵکی دینایێ دەدەم، خوای دەکرد شەمەخانە گەورە دەبوو، بە رووسپییاتی دەچووە رێی خۆی، ئیدی کەلەکەم دەکەوتە سەر عەردی.. دەمگوت: مامۆستا مەغدید دایکیشی وەک تۆ وایە بۆ شەم دەیگوت: مەحاڵە کەس وەک من شەمی خۆش بوێ، دایکی جەرگی خۆیەتی بەقەد من خۆشی ناوێ، ئێمە هەمووکات لەسەر شەم دەنگە دەنگمانە لەگەڵ دایکی هەندێ جار سەرودڵم دەگرێ، دەیەوێ خەم بارانم کات، مێشکم تێکبدات بۆیە پێم دەڵێ: نەمرم بمێنم دەبێ بدەمە کوڕە براکەم.. کە وا دەڵێ هەموو گیانم تێکدەچێ، بەمن بێ هەر قسەیەک دەکا بیکا ئەوەنەبێ، چونکە هەر خۆم من دەزانم شەم دەدەم بەکێ، کێ حەدی ئەوەی هەیە بێ دڵی شەم بکات.. جارێ شەم بچووکە، کەی گەورە بوو با هاوسەری خۆی بەخۆی بۆخۆی هەڵبژێرێ، دەیدەمە ئەو کەسەی بەراستگۆیی خۆشیدەوێ، شەم شایەنی هەموو کەسێ نییە.. سەردار من لەلای خۆمەوە شەم ئەوەندە بەباڵابەرزی دەبینم وا دەزانم کەسێ لەسەر رووی ئەو زەمینە نییە من شەمی پێ بە رەوا ببینم و بیدەمێ..

دەمدایە قاقای پێکەنین و دەمگوت: ناوی خوا بێنە مامۆستا مەغدید، خوالێتی نەستێنێ کچەکەت نازدارو خاتوونە، بەڵام بەخوا کوڕی نەجیب زادەش زۆرن ها... دواتر پێم گوت نەکەی بەقسەی دایکی بکەی هەموو کات ئەو دایکانە پێیان خۆشە کچ بدەن بەخزمە نزیکەکانی خۆیان و پێیان خۆش نییە بۆ خەڵکی بێ.. کەی باوی ئەو قسە قۆڕانە ماوە. دایک و باوک زاوا بۆ کچ هەڵبژێرن.. مەغدید تووڕە دەبوو دەیگوت مەگەر من لە دنیایێ نەمابم. ئەو قسانە خەونە دەیبینێ، کەسیش نا من کچی خۆم بدەمە مستەفا کوێر..

گوتم: مامۆستا مستەفا کوێر چ کارایە؟

گوتی: پیاوێکی سەرجادەیە، وا دەزانی ئێستاش هەر زەمانی رۆستەمی زاڵە، زۆر بەعەزەلاتی خۆی دەخورێ و سینگ دەردەپەڕێنێ، لەناو ژنان هەرو گیڤی بەتاڵ دەگات، بەڵام ئەو هەرو گیڤانە لەلای من عانەیەکی سووتاو ناهێنێ، چما چاوی بچێتە پشتی سەری ئەوە بەچاوی خۆی دەبینێ، من شەمی بدەمێ..

ئیدی من و مامۆستا مەغدید رۆژ نەبوو قسە لەو بارەیەوە نەکەین، تا رۆژێکیان زۆر بەدڵتەنگی هاتە لام و گوتی: سەردار ئەو حەرام زادەیە خەریکە تەنگم پێ هەڵدەچنێ و ژیانم لێ تاڵ دەکات، دایکی شەمیش چونکە خزمیتی پشتگیری دەکات و بەدووان تێم بەردەبن، ناچاربووم دوێنێ لەماڵ دەرم کردە دەرەوەو پێم گوت حەزناکەم هاموشۆی ماڵی من بکەی، ئەویش هەڕەشەی ئەوەی لێ دەکردم کە هەرخۆم دەزانم چی دەکەم و چیت بەسەر دێنم..

من ئەو قسە هیچ و پووچانە ناچێ بەمێشکما، بەڵام لەوە دەترسم ئازاری شەم بدا.. پێمگوت: سەری خۆت مەیەشێنە ئەگەر ئەمجارە هەڕەشەی لێکردی پۆلیس ئاگادارکەوە شکاتی لێ بکە..

گوتی: ئاخر من بڕوام بەقسەکانی نییە دەزانم پیاوێکی بێ غیرەتە ئەوە هەمووی فشەفشەو لەسک یەشانی خۆیەتی.. بەڵام دواتر مستەفا کوێر وازی نەهێنا تا رۆژێکیان سەری ئەو مەغدیدە بەستەزمانەی لە قوڕنا.. زۆر بەسەر سوڕمانەوە گوتم: ناوی خوابێنە، چۆن؟ گوتی: زۆر بەداخەوە رۆژێکیان مستەفا کوێر ئەوەی بەدەرفەتی زانیبوو کە شەم بەتەنیا لەماڵە لەپڕێکا خۆی کردبوو بە ژوورا لەوکاتەی کەشەم لە حەمامەکەدا خەریکی خۆشووشتن بوو، چووبووە ژوورەوە شەم لەمدیوی دەرگاکە پشتی خۆی بەدەرگاکەوە قرساندبوو دەستی کردبوو بەقیژە قیژو هاوار هاوار، بەڵام مستەفا کوێر لێی چووبووە ژوورەوە دەستی نابوو بەدەمیا.

# ئێستاش کە بەیانییان مەغدید دەبینم، ئەو تراژیدیا تاڵە دەمتاسێنێ، بۆماوەیەک سەیری دەکەم دواتر تا لە شەقامەکەش ئاوا دەبم هەر ئاوڕی لێ دەدەمەوە...

شەمیش خۆی پچڕاندبۆوەو چڕنۆکی لە دەموچاوی گیرگردبوو، پەنجەیەکی خستبووە ناوچاوی و خوێن بەدەموچاویدا چۆڕاوگەی بەستوو.. کەزانیبووی شەم لەژێر زەبرو زەنگ و تۆقاندن خۆی ناداتە دەست و تازە مستەفا کوێر هەموو شتێکی ئاشکرا بوو، لەترسی ئەوەی نەبادا شەم شایەتی لەسەر بداو تووشی گرتن و حەپس و تێهەڵدان بێتەوە، دەستی لەهەوکی شەم نابوو، تاچاوەکانی سپی هەڵگەڕابوون و هەناسەی لەبەر بڕابوو.. ئینجا مستەفا کوێر بەراکردن لەماڵەکەدا دەرچووبووە دەرو جیرانەکان دەموچاوی ئەویان بەخوێنەوە بینی بوو، بۆیە هەندێ بەدوای کەوتن و هەندێکی دیکە خۆیان کرد بەماڵی مەغدید، کە چووینە ژوورەوە شەممان بینی کە لەگیانەلادابوو..

ژنەکان بەپەلە کراسەکەی خۆیان لەبەرکردو گەیاندیانە نەخۆشخانە بەڵام تا باوکی گەیشتە سەری رۆحی دەرچوو بوو..

ئیدی ئەو مەغدیدە بەستەزمانە کەشەمی بینی بە بێ دەنگی لەسەر چارپاکە راکشابوو خوێن لەدەمیدا دەهاتە خوارەوە.. تووشی سەرسامی و جۆرە هستریایەک بوو تەواوی نەخۆشخانەکە بۆی دەگریان.. ئەوەندەی خەڵکەکە بەپەرۆشی شەمێی ناسک و نازدارو خێر لەخۆنەدیو بوون. ئەوەندەش بەپەرۆشی ئەو باوکە جەرگ سوتاوەبوون، کەلەسەر تەرمی کچە تاقانەکەی تاوێ دەگریاو تاوێ پێدەکەنی.

ئیدی مەغدید لەو رۆژەوە تەرکی ئەو ماڵەی کرد، هەر رۆژەو لەپەنادیوارێک و هەر شەوێک لەکونجە دوکانێک ژیان بەسەر دەبات..

ئێستاش کە بەیانییان مەغدید دەبینم،ئەوتراژیدیا تاڵە دەمتاسێنێ، بۆماوەیەک سەیری دەکەم دواتر تا لە شەقامەکەش ئاوا دەبم هەر ئاوڕی لێ دەدەمەوە و دەڵێم خۆزگە گوێ بیستی ئەو چیرۆکە تاڵە نەبوومایەو مەغدیدم وەک ئەوە ناسیبا کە نەمدەناسی..

## سەرۆکی کۆمەڵەی ئاوات بۆ چاودێری و چارەسەری نەخۆشییەکانی منداڵ نەبوون:

# کەس لە خەمی گەورەی نەزۆکی ناگات

ئا/ هێمن محەمەد

**کۆمەڵەی ئاوات بۆ چاودێری و چارەسەری نەخۆشییەکانی منداڵ نەبوون، کۆمەڵەیەکی زانستی، مرۆیی، کۆمەڵایەتییە، لە ساڵی ٢٠٠٠ەوە دامەزراوە لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک نووسینگەی هەیە لە پێناو چاودێریکردنی ئەو کەسانەی منداڵیان نابێ و کێشەی نەزۆکییان هەیە هەڵدەستێ بە هۆشیارکردنەوەو پێدانی رێنمایی و دابینکردنی پێداویستییەکانی تایبەت بە کێشەی نەزۆکی، بەپێی ئەو توانایەی کە لە بەردەستدایە توانیویەتی خزمەتێکی گەورە بە کەسانی نەزۆک بگەیەنێ.**



سندوس نادر

### رێژەی نەزۆکی

ئەگەرچی تا ئێستا بەشێوەی فەرمی ئامارێکی دروست نییە، تاکو بزانرێ رێژەی ئەو کەسانەی دووچاری کێشەی نەزۆکی هاتوون چەندە، چونکە رێژەکە لە هەڵکشان دایەو هۆشیاری هاووڵاتییانیش وەک پێویست نییە، تا ئێستا زۆرێک لەو کەسانەی منداڵیان نییە لەبەر شەرم و پابەندبوون بە هەندێ دابونەریتی خۆیان بە سەنتەرو نووسینگەکانی تایبەت بە نەزۆکی ناناسێنن، بەڵام بەپێی ئەو ئامارەی لە هۆبەی سەنتەری ئاواتدا هەیە لە کوردستان (٦٧١٦) کەسی نەزۆک هەیە گەورەترین رێژەکەش لە پارێزگای هەولێرە کە (٣١٢٦) کەسە لە پارێزگای دهۆک (٢٦٠٠) کەسە، بەڵام لە پارێزگای سلێمانی رێژەکەی کەمترە (٩٩٠) کەس دەبێت، سەبارەت بە رێژەی نەزۆکی (سندوس نادر) سەرۆکی کۆمەڵەی ناوبراو گوتی: رێژەی نەزۆکی لە هەرێمی کوردستان بەرەوهەڵکشان دەچێت، رۆژانە خەڵکان روومان تێدەکەن و خۆیان ناونووس دەکەن بە هەردوو رەگەزەوە، گوتیشی، ئەوە تێبینی دەکرێ کێشەی نەزۆکی زیاتر لە ئافرەتان بەدیدەکرێ و وەنەبێ لە پیاوانیش نەبێ، بەڵکو زۆرجاریش هۆکاری منداڵ نەبوون بۆ پیاوەکان دەگەڕێتەوە، بەڵام لە کۆمەڵگەی کوریدا بەهۆی زاڵبوونی دابونەریتەوە لەم رووەوە زیاتر پەنجە بۆ ئافرەتان درێژ دەکرێ.

سندوس نادر سەرۆکی کۆمەڵەی ئاوات سەبارەت بە وەرگرتنی ئەو کەسانەی بەهۆی دووچاربوونیان بە نەزۆکی روویان تێدەکەن گوتی: هەرچی لە تواناماندا بێت لە هۆشیارکردنەوەو پێدانی رێنمایی و ئاسانکاری بۆیان کەمتەرخەمی ناکەین، بەڵام پێشمان ناخۆشە ئەندامامان زیاد ببێت، چونکە زیادبوونی ئەندام بە واتای زیادبوونی رێژەی نەزۆکی دێت گوتیشی: هەر کاتێ یەک لە نەزۆکەکان خودا منداڵی پێداو نەزۆکییەی نەما، ئەوە ئێمە لە کۆمەڵەی ئاوات ئەو کەسە دووردەخەینەوە مافی ئەندامێتی نامێنێ، هیواخوازیشم هەموو ئەوانەی بەهیوای منداڵن خودا منداڵیان پێبدات هیوایان بۆ بگەڕێتەوە.

# نزیکەی (٦٧١٦) کەسی نەزۆک لە کوردستاندا هەن، کەمترین ڕێژەش لە پارێزگای سلێمانییە

### هاتنی پسپۆڕی بیانی

سەرۆکی کۆمەڵەی ناوبراو پێیوایە زۆرێک لەو کەسانەی دووچاری نەزۆکی هاتوون چارەسەرییان لە هەرێمی کوردستاندا نییە و پێویست دەکات لە دەرەوەی وڵات چارەسەر بکرێن و پێویستە دکتۆری پسپۆڕی لە دەرەوە بهێنرێنە کوردستان تاکو ئەوانەی دووچاری نەزۆکی هاتوون سوودی لێوەربگرن و بۆیە گوتی: ئەگەرچی لە پارێزگاکانی هەرێم دکتۆری باش هەیە، بەڵام ژمارەیان کەمە هەندێ لەو دکتۆرەکانیش بەهۆی بوونی هەماهەنگی لەگەڵ تاقیگەو سۆنەرو دەرمانخانەکان بازرگانی بە نەخۆشەکانمان دەکەن و گوتیشی: ئەو دەرمانانەی بۆ چارەسەری بەکاردەهێنرێت نرخیان گرانە لە توانای زۆربەی نەخۆشەکاندا نییە تا بۆ خۆیان دابینیان بکەن، چونکە نەزۆکی پێویستی بەکاتی زۆر هەیە سەبارەت بەهێنانی پسپۆڕو دکتۆری بیانی، سندوس دەڵێت: یەکەمجار دکتۆرێکی تورک شارەزا لە بوارەکانی نەزۆکی هاتە کوردستان ڕێککەوتین کە بە سێ هەزار دۆلار نەشتەرگەری بۆ نەخۆشەکان ئەنجامبدات، ئێمە لای خۆمان (٣٠٠) کەسمان ناونووسکرد بۆ چارەسەرکردن، دواتر دکتۆرەکە بە پێچەوانەی ئەو ڕێککەوتنەی کە ئێمە لەسەری کۆکبووین لە بڕی ئەو پارەیە (٤٠٠٠) دۆلاری وەرگرت دواجار کردی بە (٥٠٠٠)هەزار دۆلار ئەمەش کێشەی بۆ ئێمە و زۆرێک لە نەخۆشەکانیش دروستکرد، سندوس نادر لەمیانەی قسەکانیدا مژدەی ئەوەی بەو کەسانە دەدات کە نەخۆشی نەزۆکییان هەیە کە کار دەکەن بۆ هێنانی پسپۆڕی شارەزا بۆ هەرێمی کوردستان بەتایبەت هێنانی دکتۆری شارەزا لە (اطفال الانابيب) بۆ ئەوەی زۆرترین کەس سوودی لێوەربگرێت.

گوتیشی: بەهاتنی دکتۆری بیانی خەرجییەکی زۆر بۆ نەخۆشەکانمان دەگەڕێتەوە لە بری چوونمان بۆ وڵاتانی دراوسێ، هاتنی دکتۆری بیانی بە باشتر دەزانین، چونکە خەرجی چوون و هاتنەوەو مانەوە گرانە لە ئاست داهاتی خەڵکی کوردستاندا نییە.

### کەس یارمەتی کۆمەڵەی ئاوات نادات

سندوس نادر گلەیی لە دەوڵەمەندو خوداپێداوەکان هەبوو کە یارمەتی کۆمەڵەکەیان نادەن بۆیە گوتی: تا ئێستا سەدان کێشەی کۆمەڵایەتی بۆ ئەو کەسانە دروستبووە کە کێشەی نەزۆکییان هەیە کەسیش لە گەورەیی خەم و کێشەی نەزۆکەکان ناگات، هەروەها باسیشی لەوە کرد مانگانە ٢,٧٥٠,٠٠٠ دوو ملیۆن و حەفت سەدو پەنجا هەزار دینار وەردەگرین، بەڵام کە ئەم بڕە پارەیە زۆر کەمە بەشی کەمترین پێداویستی ناکات.

گوتیشی: زانیومانە خەڵکانی دەوڵەمەند یارمەتی دارایی بە کۆمەڵەو ڕێکخراوەکان دەدەن، بەڵام بە ئێمەی نادەن بە ئێمە دەڵێن، بۆیە یارمەتی فلان کۆمەڵە دەدەین، چونکە کەمئەندامن، بەڵام خۆ نەزۆکی کەمئەندامی نییە، تاکو بارگران بن بەسەر کۆمەڵگادا.

### نەزۆکەکان بێ ئارامن

بە وتەی سندوس نادر زۆربەی ئەوانەی دووچاری نەزۆکی هاتوون زوو زوو دکتۆر دەگۆڕن ئارام لەسەر ڕێنمایی و بەکارهێنانی دەرمان ناگرن، هەر ماوەیەک سەردانی دکتۆرێک دەکەن نازانن بەمشێوەیە وێڕای ئەوەی پارەیەکی زۆر بە هەدەر دەدەن کاتی زۆریشیان دەڕوات بەزۆر دەرمان خواردنیش باری تەندروستیان دەگۆڕێت و هەمیشە لە دڵەڕاوکێدا دەژین و گوتیشی: ئافرەت هەیە کە سەردانمان دەکات کۆمەڵێک پسوڵەی دکتۆر لەگەڵ خۆی دەهێنێ و دەبینین زۆربەی زۆری دکتۆرەکانی بینووە کە نەدەبوایە ئەو هەموو دکتۆرە بگۆڕێت، لە درێژەی وتەکانیدا بۆ گۆڤاری هەرێمی کوردستان سندوس نادر گوتی: کەسی وامان بۆ هاتووە هێندە سەر کۆنەکراوە کە منداڵی نابێت هەوڵی خۆکوشتنی داوە، بەڵام ئێمە توانیومانە دڵنەوایی بین هیوای پێبدەین ئاسوودە ببێت و خۆی دوورەپەرێز نەگرێت.

### ئامانجەکانی کۆمەڵەی ئاوات

بە وتەی سەرۆکی کۆمەڵەی ئاوات کۆمەڵەکەیان کۆمەڵێک ئامانجی هەیەو کاریان بۆ دەکات لەوانە بڵاوکردنەوە و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری لە نێوان ئەندامەکانی کۆمەڵەو تێگەیاندنیان بەوەی کە نەخۆشییەکانیان ئاساییەو شیاوی چارەسەرییە، هەروەها هەوڵدەدەین بۆ دامەزراندنی سەنتەرێکی پزیشکی تایبەتی پێشکەوتوو بۆ چارەسەری و نەخۆشی نەزۆکی.

## زۆربەی ئەو کەسانەی دووچاری نەزۆکی هاتوون چارەسەرییان لە هەرێمی کوردستان نییە

# لایەنە کۆمەڵایەتییە خراپەکەی فیلمە دۆبلاژکراوەکان



**لای هەمووان روونە کە راگەیاندن بە هەموو جۆرەکانییەوە چ کاریگەرییەکی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی بەسەر تاکەکانی کۆمەڵگاوە هەیە، ئەگەر ئەو راگەیاندنە بەشێوەی راست و دروست گەیەنرا ئەوا سوود دەگەیەنێت، بەڵام ئەگەر بەشێوەی ناڕاست گەیەنرا ئەوە پێچەوانەکەی راستەو ئەو جۆرەی کەمن دەمەوێت هزرمی بۆ چڕبکەمەوە بەشە راگەیاندنە بینراوەکە.**

**جەلال ئەلیاس**

بێگومان پەخشی تەلەڤزیۆنەکان بێمۆڵەت و لە دەرگادان خۆی دەکات بە میوانی ماڵەکانمان و ئێمەش چەقی چاوەکانمان دەبڕینەوە شاشەکانیان و بەو ئومێدەی کاتێکی شادو چەند وشەو ئامۆژگاری رێنمایی و رووداوەکانی رۆژانە جیهان بە وڵاتەکەی خۆشمانەوە ببینین و ببیستین، هەمان ئەو دیمەنانەش بە دەنگ و رەنگییەوە هەرزەکارو لاو و منداڵەکانیش دەیبینن و دەیبیستین، بەڵام بەداخەوە لە هەندێک شاشەی تەلەڤزیۆن فیلم و رووداوی نادروست پەخش دەکرێن کە شاراوە نییە تا رادەیەکی یەکجار زۆر کاریگەری لەسەر هەست و دەروون و رەفتاری ئەو توێژە گرنگەی کۆمەڵگە دەکات و دواتریش زۆربەی ئەو بینەرانەش دەقاو دەق لاسایی دەکەنەوە، بۆ نموونە لەو دیمەنانەی شەڕو لێکدان و بریندارکردن و یەکتر بەندکردن و زۆرجاریش کوشتن..هتد. دەبینرێن، کەواتە کاتێک یەکێک بە چەقۆ دەکەوێتە گیانی هاوکارە ئەکتەرەکەی خۆی، ژنێک بێویژدانانە مێردەکەی خۆی لەتوپەت دەکات یان بە پێچەوانەوە، یان دەبێتە شەڕە تەقەو هاتوهاوار و چەندین ئەکتەر یەکتری دەکوژن و دەیان دیمەنی نابەجێی دیکە، بێگومان ئەو باسەی من چەقی نووسینم لەسەر چڕکردەوە هەرزەکارە لاوەکانن کە سەرەتا لەگەڵ ئەو دیمەنانەی کە بینیویانە لاسایی دەکەنەوە، دواتر دێنەوە ماڵ لەگەڵ ئەندامە هاوتەمەنەکانی خۆیان هەمان رۆڵی ئەکتەرەکان دەبینن، ئیتر تا ئەو رادەیەی ئەو کارە نابەجێ و ناپێویستە بەشێکی کاتی گرنگی لاساییکارانی دیمەنەکانی داگیر دەکات و دەبێتە بەشێک لە کاریان و تێکەڵی هزری پاکیان دەبێت و دواتر بیردەکەنەوە با دەقاو دەق وەک خۆی رۆڵەکان بگێڕین، ئیتر ئەگەر ئەوکارەی لا بەرجەستە بوو کە لەسەر شەڕ یان شەڕە چەقۆ و بەکارهێنانی چەک سەرکەوتوو بوو دێت لەسەر خەڵک تاقییاندەکاتەوە زۆرجاریش سەرەتا دێت ئەو رۆڵە لەسەر ئەندامە نزیکەکانی خێزانەکەی ئەنجامدەدات، بۆیەش دەبینین و دەبیستین فلان کوڕ باوکی یان برای یان دایکی و خوشکی یان کەسێکی نزیکی خۆی کوشت و پاش چەند ساتێکی کەمیش لە کارەکەی پەشیمان دەبێتەوە، دوورنییە وایزانیبێ رۆڵی ئەکتەری فیلمێکی فلان کەناڵ دەگێڕێت، چونکە لە ئەسڵدا ئەو مرۆڤە (بکوژ) شەڕانگێز نەبوو، بەڵام رۆڵی کەسێکی بکوژی لە فیلمێک دیووەو ئەو تەنیا لاسایی کردۆتەوە، بۆیە ئەو کارەساتە دڵتەزێنەی لێکەوتەوەو ئەکتەرە نەفامەکەش (بکوژ) گۆشەیەکی تاریک لە بەندیخانە داگیر دەکات. ساڵانی گەنجێتی لە زیندان بەسەر دەبات و زۆرجاریش بازنەی پەتی سێدارە بێنە قاقای دەگرێت تا کۆتایی بە ژیانی دێنێت، ئەمە رووی یەکەمی دیدی من بوو.

لە رووی دووەمیشەوە کاتێک کۆمەڵە کەسێک لە سەنتەرێک یان ماڵێک یەکدەگرنەوە کە هەندێکیان خوێندەوارن و زۆربەشیان رادەی رۆشنبیرییان نزمەو هەندێکیش نەخوێندەوار، بێ بیرکردنەوەی وردو مەودای ئەوکارەی دەیکەن کە چەند بۆ تاکەکان بەسوودە یان زیانبەخش و چەندە گونجاوە لەگەڵ دابونەریتی کۆمەڵگەی ئێمەو لە دوارۆژدا چ نەوەیەک دروستدەکات کە چەندە هەڵگری هەستی نیشتمانیی و نەتەوایەتی دەبن و گەلی کورد چەندە زەرەرمەند دەبێت و کوردستان چ گورزێکی وەبەر دەکەوێت، لەکاتێکدا بەنان و ئاوی خودی (کوردستان) پەروەردە کراون، چونکە ئەو براو خوشکە بەناو ئەکتەرە شاراوانەی کە لە پشت پەردەوە راشکاوانە ناوەکانی خۆیان لەسەر رووی چەندین شاشەی تەلەڤزیۆنی بڵاودەکەنەوە کە کەسمان نازانین ئەو ئەکتەرە دۆبلاژکارو لاساییکارانە دەرچووی کام پەیمانگەو کۆلێژی هونەریین! یا لەکام وڵاتی پێشکەوتوو لە بواری هونەری نواندنەوە بڕوانامەی بەرزیان بەدەستهێناوە، بەڵام کاتێک بەرهەمی فیلمە دۆبلاژکراوەکانیان لە نێو کۆمەڵگاو سەر سیدی و ڤیدیۆیەکان دەبینین یان کاتێک قوتابییەکی دەرچووی لاساییکاری ئەوان کەتنێک (تاوانێک) دەکات ئەوسا بۆمان دەردەکەوێت کە هەندێک لەو کەسانە دیارە هەڵگری چ جۆرە بڕوانامەیەکن. بۆیە بوار بەخۆیان دەدەن ئەو کارانە بکەن کە شایستەی خودی خۆشیان نین، یانیش دیارە رۆبۆتێکن و ناحەزانی کۆمەڵگەی ئێمە بە (پاتری)یەکی (٢-٣) ڤۆڵتی وەک مەزراح دەیانخولێننەوە! لە کاتێکدا ئەگەر تەماشاکاری ئەو جۆرە فیلمە خوێناوییانە منداڵ بوون یان هەرزەکارێکی کەمتەمەن ئەوا بەهۆی دیمەنەکانەوە دووچاری شۆک و دڵەڕاوکێ و ترس و لەرزو نەخۆشی دەروونی و..هتد. دەبن و هەمیشە گۆشەگیرو دواکەوتوو و قین لە دڵ دەبن لە بەرامبەر قوتابخانەو کۆمەڵگاو تەنانەت ئازیزانیشیان، ئەمە سەرەڕای کات لە کیسچوون و دووچاربوون بە چەندین

نەخۆشی هەروەها کەمتەمەنان وەبەرچاوی دایک و باوکیانەوە سەیری فیلمە غەرامیەکان و دیاردەی تێکچوونی شیرازەی خێزانەکان و نەشاز و ناخۆشەکان و دوور لە واقیعیەکان و چەندین فیلمی ناپێویستی دیکە دەکەن و کەسی خێزانەکانیش ناتوانن بە منداڵەکانیان بڵێن نابێ سەیری ئەو جۆرە فیلمانە بکەن، چونکە خۆیان بە عەشقەوە سەیریان دەکەن، بۆیە زۆر پێویستە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان و ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو دیواری گوێنەدان و چاوپۆشین و بێدەنگییە بڕۆخێنن و لیژنەیەکی راستگۆ و بە ویژدان و نیشتمانپەروەرو بوێر پێکبێنن، ئەمە سەرەڕای شارەزایی و پسپۆڕی لە بوارە هونەرییە پێویستەکان و رایبگەیەنن کە بە هیچ جۆرێک بوار بە هیچ کەس و گرووپ و لایەن و سەنتەرو تیپ.. هتد. نادرێت کارێکی هونەری لە خۆیەوەو بێ پرس بکات و توندترین سزای بەدواوەیە ئەگەر کەناڵێکی تەلەڤزیۆنی پەخشی ئەو جۆرە فیلم و کارە نابەجێیانە بکات کە کاریگەریی خراپ بەدوای خۆیانەوە بەجێدێڵن، کەواتە دەبێت ئەو لیژنەیە بڕیاری بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە فیلمانە بدات یان نەدات کە لە شاشەکان بڵاودەکرێنەوە یان دۆبلاژکراون، لە دووماهیدا هیوادارم ئەکتەرە لێهاتووەکان کە لەبەر بژێوی ژیان یا پەراوێزکردنیان ئەو کارانە دەکەن لێم دڵگیر نەبن و ئەوانی دیکەش بەخۆیان دابچنەوە لەگەڵ رێزم بۆ ئەو ئەکتەرانەی هەرگیز کارێک ناکەن دوارۆژ لێی پەشیمان ببنەوە.

لێرە من ئەم پرسیارە لەلایەنی پەیوەندیدارو لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەتایبەتیش وەزارەتی رۆشنبیریی بەڕێز دەکەم: ئایا ئێمەی بینەر چ سوودێک لەو فیلم و کوشتن و بڕین و شەڕە چەقۆ و خوێنڕشتن و دیمەنە قێزەون و ترسناکانەی ئەوجۆرە تەلەڤزیۆنانەی دەبینین کە زیانەکەی هەزاران کەڕەت لە سوودەکەی پترە، چونکە تەنیا بۆ راستکردنەوەو پەروەردەکردنیش: وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە قوتابخانەکان توندوتیژی و لێدانی قەدەغەکرد ئەی بۆچی وەزارەتی رۆشنبیری ولاوانی بەڕێز بوار بەو کەس و گرووپ و تەلەڤزیۆنیانە دەدات کە بەکاریگەرترین بڕو شێوە نەک تەنها قوتابیان، بەڵکو هەرزەکارو لاوەکان ، کە نائاگایانە لەسەر قێزەونترین دیمەنی شەڕانگێزی و کوشتن و ترسناکترین دیمەنی تراژیدی بێ پرس و لە دەرگادان لە رێگەی فیلمە دۆبلاژکراوە خراپ و زیانبەخشەکان لە خودی ماڵەکانی خۆمان پەروەردە بکات؟! لە دوماهیدا بەهیوای چارەسەرو بنبڕکردنی ئەو دیاردە ناشیرین و نامۆیە.





نەهرۆ عوسمان

## ئەوانەی هیوای بەمردن دەخوازن

پیاوە بەتەمەنەکان رۆژانە لەگەڵ هاوتەمەنەکانی خۆیاندا دوور لەو گەنجانەی بەبەرچاویان تێدەپەڕن و گەشتێکی پیرانەیان بەخۆیان دروستکردووە. هەموو بەیەک خەون و خەیاڵ دەژین ئەویش مردنە. توێژەرانی کۆمەڵایەتی ئەوەیان دەرخستووە کە مرۆڤ تەمەنی بەروپیربوون دەچێت کارێکی ئاساییە دەزانن و پێیان وایە کە مرۆڤ تەمەنی گەنجی خۆش نەبووبێت ئاساییە لەپیریش حەز بەمردن بکات.

زۆربەی پیاوە بەتەمەنەکان هەموو رۆژێکی نوێیان لەمزگەوتەکان بەسەردەبەن و ئێوارەیەکی و درەنگ بەرەوماڵ دەگەڕێنەوە زۆری پیاوە بەتەمەنەکان کۆدەبنەوە دەردی دڵی خۆیان بۆ یەک دەردەبڕن و هیوا بەمردن دەخوازن.

هەر بۆیە بەڕێز یاسین حەمەد لەدایکبووی من دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی چلەکان لەگەڵ هاوتەمەنەکانی خۆیدا لە مزگەوتی گەڕەک رۆژانەی خۆیان بەسەر دەبەن وەک هەرمرۆڤێکی ئاسایی، ووتی؟ من ئەمەم خوا ئەو کەسانە لەش ساغ بکات کە چاودێریمان دەکەن من تازە ناگەڕێمەوە بۆ گەنجی پیاو کە پیربوو دڵی بەهیچ ناکرێتەوە زۆرجار هیوا بەمردن دەخوازێت لەگەنجی هەموو شتێک خۆشەبوو کاتێک منیان برد بۆ سەربازی ئەوکاتە خۆشترین کاتی گەنجاتیم بوو لەخۆوە پێکەنینم بەزۆرشت دەهات بۆیە دەمەوێ گەنجان سوودێکی باش لەتەمەنی گەنجانی خۆیان وەربگرن، چونکە کە تەمەنیان بەرەو پیری چوو، مەحاڵە هیچ شتێک ئەم گەنجییە بگەڕێنێتەوە بۆیە ئەم پیرییە هیچ شتێک چێژن بێ نابەخشی بەکەڵکی من نایەت نەماڵ و کوڕ نەسەروەت و سامان کە بیر لە رابردوو دەکەمەوە دەمەوێ خێرا بمرم، چونکە جاران مرۆڤ دڵیان زۆر پاک بوو خەڵک بەهاران هەموو دەچووینەدەرو ئەم دەشتە پێکەوە کاتێکی خۆشمان بەسەر دەبرد، بەڵام ئێستا خەڵک مووخەنەت و دڵ پیسە.

بەهەرحاڵ من ئومێد دەخوازم خۆشی و سەربەرزی بۆ نەتەوەکەمان و نەوەکانی پاش خۆمان ئەوەی بۆ ئێمە نەهاتەدی بۆدوایی ئێمە بێتەدی، بەڵام بۆ خۆم ئاوات دەخوازم خێرا بمرم ئەو هۆکارییەی ئێستایی گێڕایەوە کە هیچ خۆشییەکی نەبینیوە لەژیانی هەر ئازارو ماندوبوون بووە.